**دەنگەکان : یۆست هێلتەرمان لە( جینۆساید،هاوتاوانی،بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟**

## مەجید ساڵح :



⋆ راستیەك هەیە نابێت لە بیریکەین ئەویە کەوا سەدام حسێن لە پرۆسەی ئەنفالدا هیچ دەسەڵاتێکی سەربازی و ئیداری نەبووە، بەڵکو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە 1987/3/29 بە بڕیاری ژمارە 160 هەموو سەلاحیەتەکانی سەرۆك کۆمارو سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عیراق لە ئەوەی پێیان دەووت ناوچەی باکور بۆ حوکمی زاتی درابووە ئامۆزاکەی عەلی حەسەن ئەلمەجید (عەلی کیمیاوی) کە ئەو کات ئەندامی مەجلسی قیادەی سەورەو بەرپرسی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس بوو. راستە لە رووی یاساییەوە سەدام بەرپرسی یەکەمی کەیسی ئەنفال بوو، بەڵام ئەوەی نەخشەی ئەنفالی لە 1987/6/30 بە پێی بڕیاری 4008 واتە سێ مانگ پاش دەست بەکار بوونی داناو لە 1988/2/23 بەپراکتیکی جێبەجێی کرد، عەلی حەسەن ئەلمەجیدە. سەدام حسێن لە 33 دانیشتنی دادگای ئەنفالدا بەشداری کرد، وەکو بینیمان تۆمەتەکان هێندەی رووبەڕووی عەلی حەسەن ئەلمەجید دەرکانەوە، ئەوەندە رووبەڕووی سەدام نەدەکرایەوە، چونکە هەموو کردوەکان بە فەرمانی راستەوخۆی عەلی کیمیاوی کراوە. ئەوانەم بۆ ئەوە نییە سەدام بخەمە دەرەوەی ئەم تاوانە گەورەیەوە. بەڵکو بۆ ئەوەمە بلێم تۆمەتباری سەرەکی وخوێن ریژی راستەقینەی کورد هێشتا بەسسەر زیندوە، نابێت لە سێدارەدانی سەدام لە چاودێری کردنی پرۆسەی دادگاییکردنەکە ساردمان کاتەوە، وەك چۆن زۆر کەناڵی راگەیاندنی کوردی بە چاولێکەری کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی سار بوونەتەوە. گەر تەماشاکەین هەر پاش لە سێدارەدانی سەدام چیتر کەناڵی CNNعەرەبی وازی هێنا لە پەخشکردن ونووسینەوەی وردەکارییەکانی دادگاکە بۆیە پاش ئەوە هیچ کەناڵێکی تری کوردی جگە لە (کوردستانی نوێ کە هەندێك بە درێژی راپۆرتی لە سەر دادگاکە ئامادە دەکرد)،هیچ کەناڵێکی تری کوردستان ماجەرای دادگاکەیان نەدەنووسیەوە و دۆکۆمێنتیان نەدەکرد.

جگە لەوە، گەر لەو نمونەی جەنابتان هێناوتانەتەوە، واتە "پۆل پۆت" چاو بپۆشین وتەماشای تراژیدیای "هۆلۆکۆست"ی جولەکەکانی ئۆروپا بکەین بە دەست نازییەکانەوە، دەبینی بە هۆی لیهاتووی جولەکەکان و هاوکاری وڵاتانی رۆژئاوایی و راگەیاندنەکانیان کە زیاتر جووەکان بە سەریدا زاڵن، تەنانەت خۆکوشتنی هیتلەریش لەوەی سارد نەکردنەوە بەدوای تاوانبارانی جینۆسایتی جولەکەکاندا نەگەڕێن ودەبینی تا هەشتاکانیش بەدوایانەوە بوون ولە وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەیاندۆزینەوەو دەیانکێشانە پای دادگا. من پێم وانییە بەم شەش کەسەی کە ماوون وتەنیا بە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق ئیکتیفا بکەین. حەق وایە، راستەخۆ پاش لە سێدارەدانی ئەم تاوانبارانە، پارلەمانی کوردستان دادگاییەکی باڵای تاوانەکان لە کوردستان دامەزرێنێت وزهەموو تاوانبارەکانی تر گەورە بن یان بچوك، کورد بن یان عەرەب بهێنێتە پای دادگاو لە سەرکردەوەکانیان دادگایی بکرێن. هەر بۆنموونە تاوانبارێکی وەك "عەجاج" کە دەست درێژی کردوەتە سەر نامووسی سەدان ژنی کورد لە نوگرە سەلمان بۆ دەبێت بە ئازادی لە عیراقدا بسوڕێتەوە؟! بە ویژدانی کێ رەوایە کەسێکی وا دادگایی نەکرێت؟! یان ئەو هەموو موستەشارانەی کە ئێستا موعەزەز موکەڕەم لە

کوردستاندا بسکەی سمێڵیان دێت، بۆ دەبێت هەروەها خیانەتەکانیان بۆ بچێتە سەر؟ بۆیە من پێم وایە ئەرکی لەمەودوای هەڵسوڕێنەرانی پرسی ئەنفال کارکردنە بۆ دامەزراندنی دادگاییەکی هاوشێوەی ئەوەی لە عیراقدا هەیە بۆبە سزاگەیاندنی تاوانبارانی تری کۆستی ئەنفال.

**دەنگەکان : ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟.**

## مەجید سالّح :

بۆ ئەوەی وڵامێکی گونجاوی ئەو پرسیارە بدەینەوە سەرەتا پێویست دەکات هەڵوێستەیەك بکەین لە سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان. سەرەڕای ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لە پاش ڕاپەڕین تەنیا بە نووسراو و بیستراوی نەمایەوەو کەناڵی بینراویشی هاتە پاڵو لە رووی ئیمکانیات وتەکنەلۆژیاشەوە زۆر لە جاران پێشکەووتووتر بوو، بەڵام نەك هەر بەرامبەر بە پرسی ئەنفال، بەڵکو بە شێوەیبەکی گشتی نەیتوانیووە گوتارێك بەرهەم بێنێت پەیام وەرگری کوردی لەو هەژموونەی کە لە لایەن کەناڵە بیانییەکان وبە تایبەت کەناڵی ولاَتانی داگیرکەر بەسەریەوە هەیەتی دەربازکات. کەناڵەکانی راگەیاندنی ئێمە تا ئەم لەحزەیەش گوتارێکی پچڕپچڕو لۆکاڵی بەرهەم دەهێنێت. بە واتایەکی تر میدیای ئێمە جوغزێکی بەرتەسکی ناوچەییو ئایدۆلۆژی بۆخۆی دەست نیشانکردوەو نایەوێت لێی دەرچێت. مامەڵەکردنی ئەوانەی لە پشتی ئەو میدیانەون، زۆر سەرەتاییو بیّ مەنهەجیانە پەیامێك ئاراستە دەکەن وەك خۆتان ناوتان ناوە تەنیا لە "مەوعزە" ونەسیحەت ورێنمایی دەچێت. ئەو جۆرە پەیامەش بۆ ئینسانێك کە هەرچواردەوری پڕە لە پەیامی تر، گەرمیانی واتەنی لە " گیزەی غەرنگەز دەچێت". پەیامێك کە بە پێی پلانێکی زانستی و بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی پەیام وەرگرەکان وئەو کەش ودۆخەی پەیام وەرگری تێدا دەژی دانەرێژرا بێت، گومانی تێدا نییە پەیامێکی سادەو ساکارو بیّ ئەنجام دەردەچێت. ئەوە جگە لەوەی زۆربەی ئەوانەی لەو کەنالاَنەدا ئیش دەکەن کەسانی شارەزاو راهاتوو وڤاڵبووی شێوازی نوێی پەیام گەیاندن نین وزۆریان ئیشیان بۆ دۆزراوەتەوە نەك بۆ ئیش دۆزرابێتنەوە. لە کەشو هەوای راگەیاندنێکی وا حەتمەن جۆری پەیامەکەش بەو شێوە دەبێت کە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر رایگشتی نابێت و دەرئەنجامەکەی گەر پێچەوانە نەبێت، گومانی تێدا نییە لە خەرجکردنی کات ووزەو پارە زیاتر هیچی بەدواوە نابێت.

بەڵام بۆ کەرتی دووەمی پرسیارەکەتان من جەخت دەکەمەوە لە سەر چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە باسمکردن. واتە خۆ رزگارکردن لە بەرهەم هێنانی گوتاری لۆکاڵی کە لە سەر ئەساسێکی سادەو ساکاری لاواز بەرهەم هێنرابێت. هەروەها لە رێگەی ئەوەی پێی دەوترێت "پلانی راگەیاندن" پرۆگرامێکی زانستی ومەنهەجیانە بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی گوتارێك بەرهەم بهێنرێت لە گەڵ رۆحی ئەم سەردەمەو ئەم نەوەیەدا بگونجێت